# مەلا کرێکار و مافی پەنابەری

رزگار شەیبان
(ئازاد هەڵەبجەیی)

مەلا کرێکار یەکێك لە سەرکردە جەهلەکانی باندێکی تیرۆرست و تاقمێکی مرۆڤ کوژی ئیسلامییەکانی کوردستانی عیراق، وەك دەیان کەس و باندی تری تیرۆرستی ئیسلامی، لە ئەورووپا و لە سەردەمی پێگرتنی سیاسەت و تیوری نسبیەتی فەرهەنکی دەولەتانی ئەورووپا.فرسەتی سەرهەلدان و ملقوت کردنەوە و هیرش بۆ سەر هەموو مافێکی مرۆڤایەتی و لێدانی مافی ژنان و مندالانی پەنابەر و مهاجریان کەوتە ئەستۆ.بە یارمەتی وولاتانی ئەورووپایی سەدان مزگەوتیان دروست کرد و دەیان حجرەی قورئان خوێندنەوەی چاخی بەردیان لە گەرەك و کۆلانە مودیرنەکانی جەرگەی ئەورووپادا قوتکردەوە.ئەم کەر پیاوانە بەدرێژایی ماوەی رابردووی چەند دەهەیەکە تا رۆژانی ١١ ی سپتامبەر باشترین جەندەرمە و پۆلیس بوون بەسەر هەموو مافێکی مرۆڤایەتییەوە، و هەزاران منداليان بەزۆر راپێچی قوژبنە تاریکەکانی چەرخی بەرد کرد کە لەسەر دەستی قورەیشیەکانی ئەورووپا بەزۆر فێری قورئان خوێندەوە بکرین و بەزۆر لە هەموو مافێك بێبەش بکرێن.سەدان هەزار ژن بەر هێرشی وەحشیگەری کەوتن و سەرکوت کران.سەدان هەزار مێ مندال بەزۆر سەرپۆشکرا بەسەریاندا.دادگا دیموکراتی وپەرلمانە دیموکراتیەکانی سەردەمی نویی ئەورووپاش بۆ نیشاندانی باشترین ئۆلگۆی دیموکراتی لە خۆیان، هەموو ئەو تاوانانەیان لە ژێر ناوی سیاسەتی فەرهەنك و تیوری نیسبیەکە پاساو دەکرد، و تاوانبارانیش وەك باشترین مرۆڤ و باشترین ئۆلگۆی پەنابەران و "خەلکی کەلەرەش" دەناسێنران.هەر لە شەڵتە و عەمامە درووستکردنەوە هەتا سوود بردن لە باشترین ئامرازی تەکنیك و ئینفۆرماتیك بۆ بلاو کردنەوەی بەکورتی جەهل و خورافە کاری ئەمانە بووە.وە بە هەزاران ملیۆن پۆند و دۆلار و کرۆن بۆ بەهیزکردنی ئەوان لە ژێر ناوی کولتوری خۆیی و مافی کلتوریدا رژێندرایە دەستیانەوە.

١١ ی سپتامبەر تەنها کارێکی بچووك و کارەکتەرێکی بچووکە لە مێژووی وویرانکردن و تالان و کوشت و بر و ئەنفال و خوێنرشتنی ئیسلام و ئیسلامییەکاندا...بەلام چوونکە پریشکەکەی ئەم جارە تەنها لە چوارچێوەی قوربانیانی تیوری دیموکراتی نسبیەتی فەرهەنگی و وولاتانی جیهانی سێهەمەوە نەمایەوە، وە هەموو مرڤایەتی خستە ژێر مەترسییەوە.ئاورێکی پەلە لە ئیسلامییە سیاسیەکان درایەوە بۆ دەرکردنیان لە و هاوکێشەی دیموکراتیە و بۆ یەکەم جار دوای دەیان دەهە لە خراپەکاری ئەوسا لە لیستی تیرۆرستدا نووسران.لەم ئالوگۆرەشدا ئەگەر هێزی رێگایی سێهەم و هێزی مرۆڤایەتی و پێشکەوتووخواز نەهاتنایەتە مەیدان، بە هەزاران مرۆڤی بێتاوانی تر قوربانی ئەم ئالوگۆرە سیاسیە نوێیە دەبوون...

زۆرن لەو وولاتانەی ئەورووپا کە دەیان ساڵە پایگای ئەم پیاوکوژانەن.نەرویجیش یەکێکە لەو وولاتانەیە کە چەندان ساڵە پایگای باند و پیاوکوژە ئیسلامییەکانە و بازارێکی بەرەونەقی کونەپەرستی و زۆرینەی ئاماری مزگەوت و باشترین بەلێندەری نسبیەتی فەرهەنگی بووە...لەسەر دەستی یارمەتی لێپرسراوانی کۆمۆنەکان و وەزارەتەکانی فەرهەنگی و بودجەی دەڵەتی و، تەنانەت بەزەیی و سۆزی لایەنە چەپەکانی لایەنگری بێگانە و "فەرهەنگی خۆیی"...چەندانی وەك مەلا کرێکار و مەلاکانی تر باشترین فرسەتیان بۆ هەلکەوت کە هەمیشە تورەکەیان پربێت و هەر لەم تورەکەیە تۆری گەورە و باندی تر لە وولاتانی خۆیاندا پرچەك بکەن و باشترین جۆری تیرۆرست پەروەردەبکەن بۆ تاوانکاری و وویرانکردن و گەراندنەوەی ئەو کۆمەلگانە بۆ چاخی قورەیشی.

www.kurdistannet.org

مەلا كریێكار تەنانەت مافی پەناپەری سیاسی پێدرابوو و وە بە دوكومێنتی سیاسیەكەیەوە چەندان ساڵە نەرویج بێجگە لەوە پایگا و بنەی ئیمكاناتی ماڵی بووە، دیسان جێگای حەوانەوە و تەنەفوسی تازەی دوای مرۆڤ كوشتن و تەقاندنەوەی ئەو جیگانەی كە ئیسلامییەكان چاویان پیایدا هەڵنایەت، بووە.

لێسەندنەوەی مافی پەنابەری مەلا كریێكار بێ هیچ بەهانەیەك و بی هیچ داتاشینی تیوریی بەرگری لە مافی پەنابەرانی تر، كاریێكی زۆر درەنگە و دەبووایە دەولەتی نەرویج و وەزارەتی دەرەوە و كاروباری خاریجی زوو ئەو كارەیان بكردایە.وە دیسانیش دەسبەجێ دادگایەكیان بۆ دانایە، و وەك تاوانبار، نەك وەك پەنابەرێك، دادگاییكرایە.

دەوڵەتی نەرویج خۆشی هەر بە پیێی یاسایی پاڵپشتی لە تاوانبار دەبێت وەك هاوبەش و پاڵپشتی تاوانەكانی مەلا كریێكار بناسریێت...وە یان دەبێت داوای لێبووردن لە خەلكی كوردستان و قوربانیەكانی ئەوباندە بكات و مافی پەنابەری بۆ پەنابەرانی خەلكی كوردستانی عیراق دەسبەجێ دابینكات و هەموو زیانەكانی چەندان ساڵەی قوربانیان قەرەبووكاتەوە، و هەموو یارمەتییەكی باندەكانی تری ئیسلامی بوەسینێت.یان دەبێت ناوی لە لیستی رەشدا تۆماربكریێت و تا سەردەمانی پێكهێنانی دادگایەكی مرۆڤیانە لە چاوەروانكردنی دادگاییدا بمێنێتەوە.

باشترین و مرۆڤانەترین یاسای بەرگری لە مافی پەنابەری، ناتوانیت بێ هیچ بەهانەیك و لە ژێر ناوی ژێرپێخستنی مافی پەنابەری و هێرش بۆ سەر مافی پەنابەرانی تر، بەرگری لە مافی پەنابەری تاوانبار بكات...تاوانباران و پیاوكوژانی وەك مەلا كرێكار نابێ لە كاتی رووبەرووبوونەوەی دادگادا، هەلگری مافی پەنابەری سیاسی و ئینسانی بن، ئەمەیان تاوانە بەرامبەر مافی پەنابەری.

09 September 2002
Rezgar Shaiban

www.kurdistannet.org